# دەمەتەقەی بەهرام ساسانی و ئومێد عەتایی فەرد

وەرگیراو لە: /http://vidaevo.persianblog.ir/post/26

## وەرگێران لەفارسی: فەرهەنگ و مێژووی کاوە

لە وەگێڕانی ئەو دەمەقاڵەیدا تووشی هێندێک ڕستەی چاک و چۆنی و پێک هەڵاکوتنی بەدرۆی بەشێوەی ئێرانییان بووم کە بەپێویستم نەزانی وەریان گێڕمەوە و لەجێگایان .....م داناوە، دەنا ئەوی دیکەم دەقاودەق وەرگێڕاوەتەوە کە لەخوارەوە دەیبینن:

## امید عطایی فرد:

"...ناچارم هەر پوختەی خاڵەکان باس کەم: کات و شوێنی زەردەشت دەوری گرنگ و ڕوونکەرەوە لەو باسانەدا دەگێڕن و ڕوانگەی من (لەسەر کاتی دیاریدانی زەردەشت - کاوە) بەو بەڵگانەی لە کتێبی (پیغمبر آریایی)دا هێناومنەوە ، ٦٠٠٠ ساڵ پێش هەخامەنشییانە. گاتاکان لەڕاستیدا بەشێکن لە یەسنا و ڕێکخستنیان زۆر دژوارە. ڕەنگە دەبێ سروودەکانی پەیوەندیدار بە گەشتاسب لە کوتاییەکەیدا دانێین؟ لە ڕۆمی کۆندا بێجگە لە ناوی میترا، ئاماژە بە (سوشیانت)یش کراوە و سەرنجدان بە گاکوژیی (سوشیانت) لە پەسڵاندا، پەیکەرەکانی ئێزەدی مێهر لە ئیمپەراتۆرییەتی ڕۆم و ئەفسانەکانی پەیوەندیداربەوان، پێمان دەڵێن کە ڕیشەیان لە ئێران(زاگرۆس- کاوە)دا هەیە (ڕەنگە - کاوە) تا ڕادەیەک ڕەنگی بێگانەیان بە خۆوە گرتبێ. (زۆر سروشتییە کە بەپێی ئەوەی زمانی هیندوئورووپایی لە کوردستان ڕا چۆتە ئورووپا ئەو بابەتەشی لەگەڵخۆ بۆ بردبن - بڕواننە بەشی زمان - کاوە). لەبیرمان بێ کە گا نیشانەی زەمین و تیخی میترا نیشانەی تیخی هەتاوە. لەوبارەوە بڕواننە کتێبەکەم (آفرینش خدایان)یش. زۆربەی جاران وەڵامی پرسیارەکانتان لە کتێبی (پیامبر آریایی)دا هەن. چەند جارێک بیخوێننەوە. بۆوێنە (مسیح) نازناوێکە، کەیوومەرس و مووساش هەیانبووە. من نیشانەگەلێکی گرنگم لە میترایزم، لەمووساییییەتیدا دیتوونەوە. لەگەڵ ڕوانگەی مامۆستا بێهرووزیشدا نیم کە دین و کەسی مێژوویی(؟) مێهر - کە هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان لەسەری نییە - لەسەردەمی ئەشکانییاندا پەیدابووبێ. بەگومانی من دەبێ پێغەمبەرەکەشی هەر ئەرەشکی گەورە بێ کە بە ئەسکەندەری ئێرانی ناوبانگی دەرکردووە و بەڵگەی مێژووییمان لەسەری هەیە. ئەو شازادەیەک بوو لە توخمی ئەردەشیری هەخامەنشی، کە دینی میترایی لەبەرانبەر دینی مەزدایی بەرپاکرد. "

لێرەدا ناچارم ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر ئەو بۆچوونەی (امید عطایی) بدەم:

١- مەبەستی کەسی مێژوویی، پەرەپێدەری میترابیزمە، دینی میترابیزم نەک هەر پێش ئەشکانی بەڵکوو زۆر پێش حکوومەتی مادەکانیش هەبووە. میتانییەکان کە هۆزێکی کوردن لە کوردستانی باکوور، لەسەر ئەودینە بوون و لە مێژووی نووسراویشدا زۆر پێش مادەکان باسیان کراوە و ناوەکەیانیش هەر لە خواکەیان (میترا)وە هاتووە. هووری(خووری)ش هەر بەواتای میترابییە ونیشانەیەکە لە ڕۆژپەرستی.

٢- (ارشک یا ئەرسی) یازدەهەمین پادشای هەخامەنشی، ویستی میترابیزم لە وڵاتی بەردەستیدا لە بەرانبەر زەردەشتیگەریدا قوت کاتەوە و ئاوا کۆتایی بەدەستەڵاتی موغانی مادی بێنێ.

**(امید عطایی فرد)** لەدرێژەدا دەڵێ:

"دیسانیش وەبیرتان دێنمەوە کە لە گاتاکاندا ناوی میترا هاتووە. (٤٦:٥)+(٥٣:٧). ئایا مێهریەشتی ئاڤێستا بۆنی مێهری لێ نایە؟ بە ورد بینییەوە بەوەدا بچوونەوە. ئوولی (برهمن)یش نەک ئوولێکی هیندی بەڵکوو ئێرانییە. لە خووزستانی کۆن بەرەوڕووی وشەی (ریشا) دەبینەوە(لە وێداکاندا = ریشی). هەروەها مامۆستا (نوبخت)، ابرام(ابراهیم)ی پێغەمبەری ئێرانی (زاگرۆسی - کاوە) بە هاو ڕەگی براهما دەزانێ. یەکەمین و دێرینەترین سروودەکانی وێدایی لە بانووی ئێران هۆنراونەوە(مقدمه جلال نایینی در گزیدەهای ریگ ودا). ..."

## بهرام ساسانی:

"... کتێبەکەتم زۆرباش خوێندۆتەوە. بەڵگەهێنانەوەکانت لەمەڕ سەردەمی زەردەشت، کە بە ٦٠٠٠ساڵ پێش هەخامەنشییانت داناوە، هەرگیز قانعی نەکردووم، مەگەر زیاترلەوانەی لەکتێبەکەتدا نووسیوتن بزانم. هەرچۆنێک بێ هەموو لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە یەسنا ئی زەردەشت نییە. بەڵام کەس ناتوانێ بەوردی دیاریی کا چەندی لێ نیزیکە. با هەر بڵێین یەسنا ئی کوڕانی زەردەشتە!! دیسانیش شتێک ناگۆڕێ. بیری زەردەشت لە گاتەکاندایە و بەس و یەسنا دەتوانێ نیشاندەری باوەڕی ئێرانییان بێ لەوسەردەمەدا. و هەڵبەت ئەوبەشەی ئاڤێستا کە هاو ئاقار و هاو واتای گاتاکانیشە دەتوانێ ڕوانگەی زەردەشت بێ. "اشم وهو، یتا اهو، ینگه هاتام" لە هاتی ٢٧ یا و "ائو پنتاویو اشهه" لە هاتی ٧٢ یا ...). ..."

"نەبوونی میترابیزمیش لە ئێران بەواتای نەبوونی میترا، گەورە نەبوونی میترا، و پیرۆز نەبوونی میترا، و یەزەش نەکران بۆ میترا و قوربانی نەکردن لەپا و بەناوی میترا نییە، کە ئێوە دەیگێڕنەوە بۆ یەسنا و مێهریەشت و تەنانەت گاتەکان (کە میترا تێیاندا واتای وشەیی‌یە نەک ناوی تایبەت). میترا گەورەیە و پەرستراوە و سەردەستەی خودایانی ئارپایە لەگەڵ وەروونا و لەوانەشە وەرەهرام و ئاناهیتا، کە بەهەرشێوەیێک بێ لەسەردەمی زەردشت ڕا ئاهوورامەزدا لە هەموویان بەباڵادەستتر دەناسرێ. و بەدرێژایی مێژوو ئەو خوایانە سەروخوار دەکەن. بەڵام میترابیزم بەوە بزانین کە لە چەند سەدەی پێش مەسیح لە ڕۆم دەیبینین، لە ئێرانی پێش یا پاش زەردەشت بوونی نییە و یا ئەگەر هەشە بەڵگەیەکمان بۆی نییە، مەگەر بە زانستی غەیب پێی بگەین. ئەگەر ڕوانگەی مامۆستا بێهرووز لەمەڕ بوونی کەسایەتییەک بەناوی مێهر و لەئاکامدا ئوولی مێهری لەسەردەمی ئەشکانیدا وەلانێین، ئەوسا دەبێ بڵێین کە شتێک بەناوی ئوولی مێهری نەک هەر لەکاتی زەردەشت و پێش وی بەڵکو لە سەردەمی ئەشکانیش بوونی نەبووە. و ئاماژە بە مێهرپەروەری و مێهر پەرستی لە

ئەدەبیاتی ئێراندا پاش ئیسلام ئاماژەگەلی  خواناسی (عیرفانی)ن کە پەیوەندییەکیان بە ئوولێکی کۆنی تایبەتەوە نیە. ئێمە بچووکترین نیشانەی میترایی لە شایانی ئەشکانیدا نابینین (ئەوە ڕاست نییە، پێنج لە پادشایانی ئەشکانی ناویان مێهرداد "میترادات" بوو، کەئەوە نموونەیەکییەتی - کاوە). زۆرینەیان زەردەشتی بوون و زۆریشیان دینێکی ئەوتۆیان نەبووە و باوەڕەکانی کۆنی ئاریاییان بە کارتێکەریی یۆنانییەوە هەبووە. لەبیرمان نەچێ کە وشەکان هەڵگری واتایەکن، ئەگەر دەڵێین میترائیزم یا ئوولی میترایی، دەبێ بزانین کە لەپێشدا سەرنجەکان بەرەو ئوولی ڕۆمییەکان لەپێش مەسیحییەت ڕادەکێشن (ئەوەش هەر لە نەزانیی ئەو کابرایەوە سەرچاوە وەردەگرێ، چونکە دەزانین ئوولی میترایی پێش ڕۆم لە کوردستان هەبوو بەڵگەشی ناوی هۆزەکانی میترایی و هوورییە - کاوە). ئەوکاتە دەڵێین میترایزم لە ئێراندا هەبووە دەبێ بەڵگە بێنینەوە، کەی و لەکوێ و کام ئێرانی بەدرێژایی مێژوو ئوولێکی وەک ئوولی ڕۆمییان هەبووە؟ (سەرنج بدەنە هەردوو تێبینەکانم لەو بەشەدا - کاوە)، هەر وەک ئەگەر کەسێک بڵێ ئوولی زەردەشتی لە ئالاسکادا، دەپرسین کەی و لەکوێ؟ و پێمل نابین ئەگەر چەند کەسێکی ڕەسەنی ئالاسکامان پێ نیشان بدا کە لەدەوری ئاگر دانیشتوون و یەزش دەکەن (و) بەهەڵکەوت ناوی چەند خوایەکیشیان وە ئیزەدەکانی زەردەشتییان دەچن. ئێمە دەتوانین ستایشت و یەزشی میترا بەدرێژایی مێژووی ئێران بخەینە بەر لێکۆڵینەوە بەڵام ئەوە نابێتە میترائیزم. هەر وەک: کەس سیکەکان بە موسوڵمان دانانێ (بێگومان دەزانن سیکەکان بناخەی دینەکەیان لە ئیسلامەوەیە و ناوی خواکەشیان ئەڵڵایە، بەڵام دینەکەیان لەگەڵ ئیسلام یەک نییە). کەس گومانی لە نیزیکایەتیی بیری هیندی و وێدایی دا لەگەڵ ئی ئێرانیدا نییە. هیندی و ئێرانی تا چەند هەزارساڵ هێشتا جیا نەبووبوونەوە. بەڵام مێژووی پێکهاتنی برەهمایی و بوودایی پاش جیابوونەوەیانە. ..."

## امید عطایی فرد:

... لەبەر ئەوەی کە دیاریکردنی سەردەمی زەردەشت گرنگییەکی زۆری هەیە، داوا لە هەموو دۆستان دەکەم یاریدەم بدەن تا بە توێژینەوەی ئەو بابەتەو خەریک بین/ بەڵام لەسەر ٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت دەبی بڵێم کە (١) لانیکەم دە مێژوونووسی کۆن ئاماژەیان بەو مێژووە کردووە، ئەویش بەشێوەی ٦٠٠٠ ساڵ بەرلە ئەفلاتوون، ٥٠٠٠ ساڵ پێش شەڕی ترۆیا.  (٢) لە گاتاکان ئاماژە بە ٣ چینی کۆمەڵایەتی کراوە و دەشزانین چینی چوارەم زووتر لە ٧٠٠٠ساڵان پێک نەهاتووە. (٣) لەبواری زمانناسیدا وێداکان بە ئی پاش گاتاکان(نەک هەمووی ئاوێستا) زانراون. کۆنترین سروودی وێداییش گەیێندراوەتە ٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا. (٤) چەند زانای ئەستێرەناسیش بە ئەژمێریاریی ئەستێرەگەری گەیشتوونەتە ٨٠٠٠ تا ٩٠٠٠ ساڵ. (٥) دۆزراوەکانی ١٠٠٠٠ساڵەی وەک جیرۆفت و... دەتوانن لە گومانەکانی ئێمە کەم کەنەوە...

## بهرام ساسانی:

... لەبارەی سەردەمی زەردەشت ئەوەندەی من بزانم ٦٠٠٠ساڵ پێش خەشایارشاش کوتراوە. بەڵام سەرەتا هەمووی ئەوانە لەڕووی دەستی یەکتری نووسیویانەتەوە و ناکری زۆریی ئەوان بەبەڵگە دانرێن. (وەک پێشتر باسم کردووە ئەوە وانییە، بێجگەلەوەش ئەو سەرچاوانە بەنووسراو هەن و ئەفسانە نین، بەڵام سەرچاوەی ئەوانەی ئەوکابرایە باوەڕیان پێدەکا و دەمارگرژانە پێیان لەسەردادەگرێ تەنیا ٥ کتێبی سەردەمی ساسانی و ئەشکانین، کە ئەوانیش تەنیا لە گێرانەوەی چەند موغێک وەرگیراون و  هیچ بەڵگەیەکی نووسراویشیان نییە، ئەدی ئەوکابرایە بۆ ئاماژە بە گوماناویبوونی ئەو سازکراوانە ناکا؟ بێگومان چونکە ئێرانییە دەمارگرژەکان، کە بۆخۆشی یەکێکە لەوان، پێی قەڵسن، بۆ سەلماندنی ئەو دەمارگرژییە تەنیا سەرنج بدەنە ئەو خاڵەی خوارەوەی بەهرام ساسانی - کاوە). دووهەم ئەوەی کە بایەخ دان بەو وتارەی یۆنانییان نەک هەر بایەخدان بە ئێران و زەردەشت نییە بەڵکو بایەخ دانێکی بێجێیە بە شارستانییەتی یۆنان. بەو واتایە کە یۆنانییان لە ٦٠٠٠ ساڵ پێش خەشایارشا ساڵئەژمێریان هەبووە، کە ئەوە بەهیچ شێوەیەک بۆ قبووڵکردن نابێ. پێم وانییە نەتەوەپەرستترین یۆنانیش بیسەلمێنێ کە وڵاتەکەی لە ٦٠٠٠ساڵ پێش هێرشی خەشایارشا ساڵ ئەژمێرێکی وردیان هەبووبێ. چونکە بەبێ ساڵ ئەژمێرێکی ورد ناتوانین بڵێین چ کەسێک چەندە لەپێش ئێمەدا ژیاوە. بۆوێنە ئەگەر ئێمە ساڵئەژمێرێکی وردمان نەبایە، ئایا دەمانتوانی بزانین چەنگیزخان کەنگێ پێی ناوەتە ئێران؟ خودی بابەتەکە سینگ بە سینگ تۆمار دەبوو بەڵام کاتەکەی نا. جا دیدێکی ئەفسانەییمان پەیدادەکرد و دەمانکوت چەنگیزخان ١٠٠ساڵ یا ١٠٠٠ساڵ یا٣٠٠٠ساڵ یا٦٠٠٠ساڵ پێش ئێستا بووە. چۆنە ئەو ژمارەیە ئەوەندە ورد دەرهاتووە؟ ئایا بەڕاستی زەردەشت نە ٦٠٠١ و نە ٥٩٩٩ساڵ بەڵکو ٦٠٠٠ساڵ ساڵ پێش هێرشی خەشایارشا یا ئەفلاتوون بووە؟ بەڕاستی ئێمە ئەوەندە بایەخ بە ساڵ ئەژمێری یۆنان دەدەین؟ ئەمن کە نایدەم.

بەبڕوای من یۆنانی تەنانەت ٦٠ ساڵ پێش خەشایارشاش هیچیان نەبوو تا چ دەگا بە ٦٠٠٠ساڵ پێش وی. شەڕی ترۆواش ئەفسانەیە. کەس ناتوانێ کاتی شەڕی ترۆوای بڵێ تا ئێستا یۆنانی بڵێن ٥٠٠٠ساڵ پێش شەڕی ترۆوا. ڕاست وەک ئەوەی کە ئەوڕۆ نازانین زەردەشت کێ بووە و لەسەری هاوڕا نین، ئەوجار بشڵێین ١٠٠٠ ساڵ پێش زەردەشت!!!

ئەگەر دەکرێ ڕوونی کەنەوە کە چینی چوارم چۆن ٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا پێکهاتووە. لەپەنائەوەشدا چلۆن دەتوانین ئەو ژمارانە بۆ هەموو گەلان وەبەرچاو بگرین؟؟ بۆوێنە ئەگەر دەڵێین شارستانییەت لە ٥٠٠٠ساڵ پێش ئێستا بووە، ئەو وشە هەڵەیە. زۆرێک لەگەلان زووتر لە ٥٠٠٠ساڵ شارستانییەتیان دامەزراندووە و زۆرانیش تا ئەو دواییانە ئاگایان لە شارستانییەت نەبووە. یا چاخی بەردین بۆ هەموو گەلان لەسەردەمێکدا تەواو نەبووە و جێی خۆی داوەتە چاخی کانزا. چۆن دەتوانین شیمانە بکەین خەڵکی سەردەمی زەردەشت کەی شارستانییەتیان دامەزراندووە؟ مەگەر لە شوێن و پێگەی زەردەشت دڵنیابین. ئاماژەت بە سەردەمی شارستاسنییەتی جیرۆفت کرد، کە هێشتا زانیاریگەلێکی لەسەر وەدەست نەهاتووە و بابڵێین سەردەمی شارستانییەتی جیرۆفت بە وتەی ئێوە ١٠٠٠٠ساڵە (؟)بێ، زەردەشت چ پەیوەندییەکی بە جیرۆفتەوە هەیە. بۆ زەردەشت حەتمەن بە شارستانییەتی جیرۆفت بزانێ کە بڵێین گاتەکان وەک ئێوەدەڵێن ئی چاخی بەردین بێ(؟) کەوابوو ٨٥٠٠ساڵەیە.

ئەگەر دەکرێ نیشانەیەکم دەنێ کێ وێداکانی بردۆتەوە ٧٠٠٠ساڵ پێش ئێستا؟ و نیشانەم دەنێ چ کەسانێک و چۆن بە ئەستێرەگەری زەردەشتیان بە ئی ٨تا٩هەزارساڵ پیێش ئێستا داناوە.

## امید عطایی فرد:

...لەپێشدا باسی سەرچاوەکانی خۆم دەکەم، هەرچەندە لە جێ جێیٔ کتێبی (پیامبر آریایی)دا باسیا کراوە: مێژووی ٧٠٠٠ساڵەی یەکەم وێداکان (مقدمه دکترجلالی نایینی بر ریگ ودا)، سەردەمی ٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت (زەمانی زەردەشت لە نووسینی پڕۆفیسۆر کاتراک + مێژووی هەشتهەزار ساڵ شێعری ئێرانی لە نووسینی دوکتۆر هومایوونفەرروخ و....)/ بارامی بەڕێز هەڵەی ئێوە لەوەدایە کە پێتانوایە گێڕانەوەکانی یۆنانی لەمەڕ کەونارابووی سەردەمی زەردەشت، نیشانەی کەونارابوونی شارستانییەتی خۆشیانە، کەچی من ئەوە مەبەستم نییە و یۆنانی لە سایەی هەخامەنشیئیان لە وەحششیگەری هاتوونەدەر. ئاماژەی وان بە کاتی زەردەشت لە گێڕانەوەکانی ئێرانی ڕا هاتووە. ٦٠٠٠ساڵ پێش ئەفلاتوون بەخەملاندنە چونکە باسی هەزارانە نەک سەدەکان. ژمێریاریی لێکۆڵەرەوان ئاوایە: ٨۶٠٠ پ.ز (بهرام گور انکلسریا) ، ۶٣١٢ پ.ز (بهرام پاتاوالا) ، ۶٥٠٠ پ.ز (اردشیر خبردار)، ٧١٢٩ پ.ز (سپنسر)، ٥٠٠٠ تا ۶٠٠٠ پ.ز (مری رستگاست) و... من لە سەرانسەری کتێبەکەمدا نیشانەکانم داون. بەپێی ژمێریاریی ئەستێرەگەری مێژووی ویداکانی سەرەتایی بە ٥٠٠٠ ساڵ پ.ز(ژاکوبی) و ۶٠٠٠ پ.ز (تیلاک) زانراون. (بلوم فیلد)یش پێیوابووکە وێداکان دەبێ لە ٤٥٠٠ساڵ کۆنتر بن. (باهایکوکا) نووسرانی تیریەشتی بە ئی پاش زەردەشت ودەوری ٥٣٠٠پ.ز خەملاندووە. // لەمەڕ مێژووی شارستانییەت لە ئێران: دۆزراوەکانی کۆنینەناسی لە سەرانسەری ئەو بانووەدا شارستانیگەلی سەرووی ٥٠٠٠ساڵیان وەدەستهێناوە و سەلماندراوە کە ئەو شارستانییەتانە پەیوەندییان پێکەوە هەبووە. بەپێێ بابەتەکانی پەهلەوی زێدی زەردەشت شاری ڕێ بووە و دەکرێ بە دۆزراوەکانی دێرینەناسی لە ٨٠٠٠ساڵ کۆن بوونی ئەوشارە تێبگەن (مجله باستان شناسی و تاریخ، ش ٢١، مقاله اسفندیاری). مەبەستم ئەوەیە سەردەمێک گومان کردن لە مێژووی ٦٠٠پ.ز (نەریتی) نەگونجاو بوو بەڵام ئەوڕۆکە بەسێنەیی کاتی زەردەشتمان بردۆتە دواوە بۆ؟ چونکە دۆزینەوەکانی نوێی دێرینەناسی هزری مەیان ڕوونتر کردۆتەوە و هەروەک تۆ گوتت شاتستیانییەتەکان درەنگ و زوویان هەیە و شارستانییەتەکانی ئێرانی لەهەموان گەشەکردووترن. (مری رستگاست) دەڵێ مێژووی شارستانییەت زووتر لەوەی پێشتر دەکوترا دەستی پێکردووە، کەوابوو ٨٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئیدی چاخی بەردین نەبووە. کتێبی(دیدی نو از دینی کهن) بخوێننەوە// ناوی کتێبێکی دیکەشت بۆ دێنم: (تاریخ هفتهزار ساله فلزکاری)یش بە سەرەتای پەیدابوونی چینی چوارەم دەزانین. دۆزراوەکانی (شلیمان) باسی شارستانییەتی ترۆیا دەکات. هێرۆدۆتیش ددەنووسێ مێژوونووسانی ئێرانیش باسی شەڕی ترۆیایان کردبوو چونکە لایەنێکی ئەوشەڕە گەلێکی ئێرانی بووە. یۆنانی شەڕی ترۆیایان بە ئی هەزارساڵ پێش هەخامەنشییان دەزانی.// هەرچۆنێک بێ من تێکۆشاوم بە خۆلادان لە تێڕوانینێکی یەک ڕەهەندی و سەرنجدان بە زماننناسی (کۆنتر بوونی گاتەکان لە وێداکان)، دێرینەناسی (شارستانییەتگەلی٨٠٠٠ساڵە)، ئەفسانەناسی (هاوچاخبوونی زەردەشت لەگەڵ زەححاک و فەرەیدوون بە گێڕانەوەی دینکەرد: شکێندرانی بوتەکانی زەححاک و هەروەها پەنابردنی دوو لە دوژمنانی فەرەیدوون بۆ "فرشوشتر"ی خەزووری زەردەشت)، ژمێریارییەکانی ئەستێرەگەری و خودی گاتەکان بگەمە سەلماندنی مێژووی ٨٠٠٠ساڵەی زەردەشت. دەزانم کارێکی گەلەک دژوارە کە دەبێ پەیتاپەیتا بەدوای دۆزینەوەی بەڵگەنامەی زیاترەوە بین. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە، بەڕاستی مێژووی ئێستا بەپێی کام گێڕانەوە و بەڵگەنامە کاری پێدەکرێ؟//!!

## بهرام ساسانی:

... ئاماژەگەلێکی گەلەک بەجێت هەبوون کە پێموایە تەواوتر و باشتر بوون لە ئی کتێبەکەت. بەڵام هێشتاش چەند خاڵێک لەبەرچاون. کەلک وەرگرتنی ئێوە لە کۆنبوونی دۆزراوەکانی دێرینەناسی لەناو بانووی ئێراندا لەبواری سەردەمی زەردەشت لەسەر بنەمای یەکێکی دیکە لە گریمانەکانتان بووە. لەسەر ئەوەی بووە کە زەردەشت و بەگشتی ئارییایییەکان هەر لەناو بانووی ئێراندا ژیاون. کەچی من ئەو گریمانەی ناسەلمێنم. باش دەزانن ناکرێ گریمانەیەک سواری گریمانەیەکی دیکە بکرێ. هەرکەس ڕەسەنایەتیی ئارییاییەکان لە نێو ئێراندا و هەروەها بوونی زەردەشت لە (ڕێ) بسەلمێنێ ئەوکات دەتوانێ لەوبارەوە باست لەگەڵدا بکات. بەڵام من چونکە ئەو گریمانانە ناسەلمێنم. کە وابوو ناتوانم ئەو گریمانانەش پەسند بکەم کە ئێوە بناخەکەتان لەسەر داناون.

هەرواشە ئاماژە پەیتاپەیتاکانتان بە مێژووگەلی یۆنانی و هەروەها بەو کتێبانەی سەردەم کە ڕوانگەکانی خۆیانیان لەسەر سەلماندنی مێژووەکانی یۆنانی داناون. بەڵام دووپاتکردنەوە و پێداگرتن لەسەر ئەوانە بێسوودە. چونکە من دەڵێم ئەو ئاوەزەی زەردەشت فێرمان دەکا پێمان دەڵێ یۆنانییەکان ئاگایان لە ٦٠ساڵ پێش خۆیان نەبووە تا چ دەگا بە ٦٠٠٠ساڵیش. ئەو قسەتان زۆر ناوازەو سەرنجڕاکێش بوو کە یۆنانییان ئەوەیان لەڕووی سەرچاوە ئێرانییەکان نووسیون. ئەگەر دەکرێ پێمان بڵێ ئایا لەشوێنێکدا ئاماژەی پێ کراوە کە ئەوەیان لە ئێرانییان وەرگرتووە یا هەر بۆچوونێکە؟ هەروەها پرسیارێکی دیکەم هەیە بۆ ئەو ئێرانییانەی بە ئەرەستووی هاوسەردەمی ئەسکەندەریان کوتووە زەردەشت ٦٠٠٠ساڵ پێش ئەو مێژووە بووە، ئەوجار بۆخۆیان دەنووسن ٣٠٠ساڵ پێش ئەسکەندەر؟ (چ ئەسکەندەری ئێرانی یا ئەرەشک بەقسەی ئێوە یا ئەسکەندەری مەقدوونی). ئەوە خۆ ناکرێ کە لەیەک کاتدا بڵێین ئێرانییان بەردەوام بە یۆنانییانیان کوتبێ زەردەشتەکەمان ٦٠٠٠ساڵ پێشتر هەبووە و ئەوجار هەربۆخۆیان دەستیان دا خامەی بنووسن ٣٠٠ساڵ پێشتر(بێگومان پارسەکان پیشەیان بەدرێژایی مێژوو هەر لاساکردنەوەبووە، پێموایە ئەوکات لە یۆنانییانیان نەبیستووە و کاریشیان بە زەردەشت نەبووە، بەڵام دوایە لەسەردەمی ئەشکانی و ساسانیدا لاسای ساڵ ئەژمێری سلوکۆسیان کردۆتەوە و بەو مێژووە گەیشتوون !!! سەرنج بدەنە لاساکردنەوەی بیناسازیی ئێرانییان لە سەردەمی هەخامەنشیشدا. - کاوە). بەڵام بەهێزترین بەشی بەڵگەهێنانەوەتان هەر بەسەرهاتی وێداکانە. ئەگەر بسەلمێندرێ کە وێداکان بەڕاستی ئەوەندە کۆنن، ئەوجار کەس ناتوانێ گاتەکان بە تازەتر بزانێ. بەڵام من هیچکام لەو ڕوانگانەم نەدیون کە زانایانی ئاماژە پێکردووتان لەسەر وێداکان دەریان بڕیون. کە وابوو دەبێ زۆرتر لەبارەی ڕوانگەی زانایان لەسەر کاتی وداکان لێکۆڵینەوە بکەم. ئایا ئاریاکان لە ٨٠٠٠ساڵ پێشتردا نووسینیان هەبووە؟!! و یا وێداکان و گاتاکانیان چەندین هەزارە سینگ بە سینگ و زارەکی و ئەویش بەبێ کەمکردنەوەی واوێک پاراستووە!! و یا دەبێ بڵێم کە گاتاکان و وێداکان بەلاڕێدا براون و بەسەختی گۆڕاون!!!؟

هەرچۆنێک بێ پێموایە ئەو کێشەیە کە وێداکان پەیوەندییان بە هەزارەی دووهەمەوە نییە بەڵکوو ئی (هەزارەی ٥و٦پ.ز)ن، بۆخۆشی گریمانەیەکن بۆ پەسندکردن زۆر نەوهاڵ. و ئێوە ڕوانگەی خۆتان لەسەر ئەو گریمانەی داناون کە بۆخۆی گومان هەڵدەگرێ.

دواخاڵتان لەمەڕ هاوکات بوونی زەردەشت و فەرەیدوونیش گەلەک تازە و بێوێنە و سەیر بوو کە دیسانیش گریمانەیەکی تازە و نەوهاڵە. کەوابوو لەهەموو بارەکاندا گریمانەی ٨٥٠٠ساڵەی زەردەشت لەسەر گریمانەگەلێکی دیکە دامەزراوە کە هێشتا بۆخۆیان ڕوون نەبوونەتەوە و ئێوە دەبێ لەپێشدا ڕوونیان کەنەوە. وتەکەی دیکەشتان لەسەر مێژووی ٣٧٤٥ساڵە کە ڕەوانشاد (ذبیح بهروز) پێی گەیشتووە و سەرنجڕاکێشە کە ئێوە لە زۆرترین ڕوانگەکاندا قەرزداری ئەون، بەڵام گرنگترین کاری وی واتە کاتی زەردەشت وەلادەنێن. کەچی بەپێچەوانەیە. واتە ئەوکارەی لەکارەکانی دیکەی زانستییانەترە. بێگومان مێژووی ٣٧٤٥ساڵەی زەردەشت ناتوانێ وەک ڕاستییەکی بێ ئەملاو ئەولای مێژوویی دابنرێ. و من هەر لەبەر ئەوەی هەمیشە پێ دادەگرم کە مێژووی ئێمە تەنیا دەتوانێ ٢٥٦٦ساڵ: بێ و

مێژووەکانی دیکە هەموویان لێکۆڵینەوەیین، نەک مێژوویی. بەڵام ئەوە هەر مێژوویەکی واتاییە. بۆوێنە ئایا مێژووی یەهوودییان ڕاستە؟ بەڵام تایبەتمەندییە نەرێنییەکەی مێژووی ٣٧۴٥ساڵە لەوەیدایە کە لەگەڵ هەموو شتێک دەگونجێ و و بەشێوەیەک لایەنی نێونجیی گرتووە. واتە بەسەرنجدان بەوەی کە وێداکان بە ئی نیوەی هەزارەی دووهەم دەزانن گاتاکان لەوە کۆنتر دەبن. یا ئەوە بەوردی دەبێتە ئەوکاتەی هیندییان لە ئێران جیابوونەوە. پێش دەستەڵاتی تەواوی ئاریاکان بەسەر بانووی ئێراندا. بە سەرنجدان بەوەی کە شوێنی زەردەشت بە خوارەزم دەزانن، دەگەڵ ئەویشدا دەگونجێ. زمانی ئاوێستایی دەتوانێ زمانی هەزارەی دووهەمی (پ.ز)ی ئارياييەکان بێ. بەڵام ئەوەی کە زمانی هەزارەی شەشەمی (پ.ز) بێ نێوانێکی زۆری لەگەڵ زمانەکانی دیکەی ئارياییەکانی دوایی تێدەکەوێ. یا نیزیکیی زمانی ئاوێستایی و سانسکریتی کۆن نیشانەی هەڵبەستوانەکانی پێوەیە نەک ئەوەی کە یەکێکیان بە ئی ئازەربایجان و ئەوی دیکەیان بە ئی هیند بزانین!!! کەوابوو زەردەشت ئی هەزارەی دووهەمی (پ.ز)یە و مێژووەکەی (ذبیح بهروز) نیشانە واتاییەکەی. پێشتر فەرمووتان کە زەردەشت ئاماژەی بە سێ چین کردووە، ئێستاش دەڵێن کاتی زەردەشت چاخی بەردین نەبووە بەڵکوو شارستانییەت و شارنشینی بووە. نازانم ئەو کێشەیە چۆن چارەدەکرێ؟ لەگەڵ ئەوەیدا کە ئەگەر گەورەترین ڕەخنەی ئێوە لەسەر ٣٧٤٥ساڵە ئەوەیە کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویيمان بۆی نییە، ئەوە واتە ئێوە بەڵگەی مێژوویی بەباشتر دەزانن لە ئی لێکۆڵینەوە کە وابوو هەر وەک بۆخۆتان کوتتان مێژووی سوننەتی دەڵێ زەردەشت لە ٦٠٠ ساڵ (پ.ز) بووە و ئەوە گەلەک لە بەهێزترە لە ٦٠٠٠ساڵەی ئەفلاتوون!! ئێستا ئەگەر بڵێین ئەو مێژووە پەیوەندیی بە زەردەشتی هەخامەنشییەوە هەیە ئەوەش دیسان هەر گریمانە و بیردۆزێکە ڕێگایەکی درێژی بۆ سەلماندن لەپێشە. هەر بەو هۆیەوەیە کە ئێرانناسان یا قسەی مێژوویان وەرگرتووە یا ئی لێکۆڵینەوەکان. مێژوو دەڵێ ٦٠٠ (پ.ز) و لێکۆڵینەوە دەڵێ هەزارەی دووهەم. ئەگەر بمەوێ پێرستێک لەوانە بێنمەوە کە زەردەشتیان بە ئی ٦٠٠ تا ٢٠٠٠(پ.ز) زانیوە، ئەوە دەبێتە پێرستیکی دوورودرێژ کە لەناویاندا کەسانی بەناوبانگتر لەوەی ئێوەی تێدان. هیچ ئێرادێک لەوەدا نابینم کە لێکۆڵەرەوانی سەربەخۆ لەهەر بوارێکدا لەسەر ڕوون کردنەوەی مێژووی زەردەشت و ئاڤێستا کار بکەن. بەڵام پێموایە ئێوە و ئی دیکەش لەسەر سەلماندنی مێژووی یۆنانییەکان کاردەکەن. واتە ژمارەی مەبەستی خۆتان بە ٦٠٠٠ساڵ پێش ئەفلاتوون یا خەشایارشا دادەنێن و پاشانیش دەتانەوێ بە لێکۆڵینەوەی زمانناسی یا کۆرۆنۆلۆژی (زانستی بڵاوبوونەوەی گیانلەبەران لەسەر زەوی - کاوە) و ئەستێرەناسی و دێرینەناسی پاساوی بۆ بێننەوە. کەچی بۆخۆتان لە بابەتەکانی دیکەدا گێڕانەوەکانی یۆنانییان بە ئەفساناوی و دوورەزەین و وێنایی ناودەبەن. واتە لەوشوێنەدا کە بەسوودی ئێران کوتوویانن بێ ئەملا و ئەولا دروستن بەڵام لەو جێگایەدا کە ئێرانی پێ دەشکێ سەتاسەت نادروست و وێنایی و ئەفساناوی و درۆ و... ن!!

## امید عطایی فرد:

... مێژوونووسانی کۆنی وەک سویداس ئاماژەیان بە دوو زەردەشت کردووە و چەند لێکۆڵەرەوەی ئەو سەردەمەش بوونی چەند زەردەشتیان سەلماندووە. بڕواننە ( زردشت و جهان غرب + تاریخ مطالعات دینهای ایرانی). پێموایە کە لە ٦٠٠ (پ.ز) زەردەشتێک وەدیار کەوتووە کە بەزەردەشتی ئەستێرەگەر بەناوبانگ بووە. / هاوسەردەمیی زەردەشت لەگەڵ فەرەیدوون گریمانە نییە. لەکتێبی دینکەرددا هاتووە. لە نووسراوەکانی ئاڤێستایی پەهلەویدا پێرستگەلێک دەکەونە بەرچاو کە زەردەشت لانی کەم پاش (کرشاسپ) و گەلەک پێش (گشتاسپ) هەڵکەوتووە. لێت دەسەلمێنم کە وشەی شارستانییەتم بە وردبینی دەکارنەکردووە، بەڵام دەمویست دێرینەییەکەی کەونارا بوونی شارۆچکەکانی گوندی نیشان بدەم و ئەوەی کە کۆنبوونی سەردەمی زەردەشت نابێ سەیر بێتە بەرچاو. بەهرام گیان مامۆستا بێهرووز بۆخۆی باسی پێشینەی دەهەزارساڵەی (مرو) یا (انو)ی کردووە بەڵام ناکرێ حاشا لەوەی بکەین کە ژمێریارییەکانی وی لەمەڕ مێژووی ٣٧٤٥ساڵە لەسەر بنەمای هیچ گێڕانەوەیەکی مێژوویی و بەڵگەی دێرینەناسی نیین. پێشنیاردەکەم ئێوە چاو بە شارستانییەت و زنجیرەکانی مێژووی پێشنیارکراوی مامۆستا بێهرووز دا بخشێنن تا بەڵکو سەرەداوێکمان وەگیرکەوێ. من هیچ دەمارگرژییەکم نییە و هەمیشە لەهەموو لێکۆڵەرەوان چ گەورەتر و چ چووکەتر فێردەبم. تەنانەت ئەگەر ڕوانگەی من نادروستە ئایا شێوەکار و لێکۆڵینەوەی من کە تێدەکۆشم لەهەر گۆشەو لایەنێکەوە بڕوانمە بابەتەکە، هیچ نرخێکی نییە؟ / گومان لەوەدانییە یۆنانی سەرچاوەکانی خۆیان لە ئێرانییانەوە دەست کەوتووە. ژمارەیەک لەوان هاتبوونە ئێران و دەزانین کە فەیلەسووفان و زانایانی بەرجەستەی ئێرانیش لە ئاکادێمیای ئەفلاتووندا بوون و پەیوەندییان هەبووە. (پانوسی: تاثیر جهانبینی ایرانی بر افلاتون)/ بابڵێین ئاریاکان لە شوێنی دیکەڕا (کە هێشتا ڕوون نییە کوێیە؟!!) کۆچیان کردۆتە ئێران. ئایا ناکرێ ئەوکۆچە بە ئی نیزیک بە دەهەزارساڵ پێش ئێستا بزانین؟ تا کەی لێکۆڵینەوەی کۆن بەبەڵگە بێنینەوە. ئایا هەمووی ئەوکتێبانەتان خوێندۆتەوە کە ئاماژەم پێکردوون؟ ئایا دەزانن (محمد مقدم)ی شاگردی مامۆستا بێهرووز دەڵێ: ئاریاکان لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە نەک بۆئێران./ ئەگر سەرچاوی ئاریاکان بە ئاسیای ناوەڕاستیش بزانین هەرچۆنێک بێ بەشێک لەبانووی ئێران دەگرێتەوە. نیشانەگەلی وەک خاچی شکاو و شێوەی گۆزەگەری و هەروەها قسەی پرۆفیسۆر (پوپ) کە باسی مێژووی حەوت هەزارساڵەی هونەری یەکپارچەی ئێران دەکا دەبێ وامان لێ بکا بیربکەینەوە. لە گێڕانەوەکانی کۆندا هاتووە کە زەردەشت ئەلفو بێتکەیەکی تایبەتی داهێناوە. ئەگەر کاتی ٨٥٠٠ساڵە بسەلمێنین ئەو ڕێنووسە دەتوانێ هیروگلیف نەخۆ هەر ڕێنووسە دین دەبیرە سەرەکییەکە بێ. لە ئاوێستادا زەردەشت بەیەکەم وەرزێڕ ناوبراوە. ئایا بەوواتایە نییە کە زەردەشت لەسەرەتای چاخی کشتوکاڵدا ژیاوە؟ بەپێچەوانەی بۆچوونی ئێوە، من پشتم بەستووە بە بەڵگەنامەکانی ئێرانی و لەپەناوانیشدا باسی گێڕانەوەکانی یۆنانیم کردووە. / یەکێک لە کلیلەگرنگەکانی دیاریکردنی شوێنی ئیرانویج (سەرچاوەکانی ئاریاکان و یا شارستانییەتی ئاوێستایییە. من لەپێشدا بە ئی خوارەزمم دەزانی بەڵام هەر وەک لەکتێبی (ایران بزرگ)دا هێناومە و لەوکەمەدا توانای کوتنەوەی هەموویم نییە، هیچ گومانێکم لەوەدا نەماوە کە ناوچەی ئەران و ئیروون (وەک ئێستییەکانی قەفقاز دەڵێن)ە و دائیتی تەنک هەمان ئارازە./ بۆ چەندەمین جار بە گێڕانەوە لە لێکۆڵەرەوان ڕا دەبێ بڵێم سانسکریت لەدایکبووی هیند نییە و بەخوشکەچووکەی زمانی ئاڤێستایی دێتەئەژمار. تەنانەت هێندێکجار بەزاراوەیەکی جیابۆوە لە زمانی گاتاکان (ئاڤێستایی) هاتۆتە ئەژمار(جلالی نائینی). لەسەر ئەوبڕوایەم کە دەبێ لەپێشدا خاڵگەلی سەرەکی ڕوون بنەوە:

١- سەرچاوەی ئاریاییەکان
٢- شوێنی  ئیرانویج
٣- دیاریکردنی کاتی چینەکان بەتایبەتی چینی چوارەم
٤- مێژووی داهێنانی نووسین

## بهرام ساسانی:

.... پرسیاری من ئەوەیە باوادانێین یۆنانی ئەو مێژوویەیان لە ئێرانەوە هێناوە، ئەگەر ئێرانییان بڵێن ٦٠٠٠ساڵ پێش ئێستا، ئایا ئاوەز هەڵگرە؟ بۆخۆتان سەلماندووتانە ئەو مێژووە تەقریبییە نەک لەساڵ ئەژمێرێکی ورد ڕا هاتبێ. باشە تەقریبی یانی چی؟ یانی ڕەنگە ٦١٠٠ یا ٥٩٠٠؟ یا تەقریبییەکەی ئاوایە کە واتە گەلەک پێش ئێستا؟ وەرن با ئاوەزمان بکەینە داوەر. با ڕاوێژ لەگەڵ هزری خۆمان بکەین. ئێرانییان و یۆنانییانی هاوسەردەمی ئەرەستوو و ئەفلاتوون دەڵێن زەردەشت ٦٠٠٠ساڵ پێشتیر بووە. ئایا ئەو ژمارە نیشانەی ئەوە نییە کە زۆر پێشتر بووە؟ و ئایا ئاوەزپەسند نییە کە پشت بەو ژمارەی نەبەستین و تەنیا بەهرەی لێوەرگرین بۆ بەناڕاست زانینی ئەو ڕوانگەی کە دەڵێ زەردەشت ئی ٣٠٠ساڵ پێشتر بووە؟ منیش دەیسەلمێنم کە سانسکریت لەدایکبووی هیند بەواتای ئەوڕۆیی نییە. و منیش دەیسەلمێنم کە سانسکریت خوشکی زمانی ئاوێستاییە. بەڵام ئەوانە هەردووک پەیوەندییان هەیە بە ئارییاییە سەرەتاییەکان لە ئێرانویچ (جا ئێرانویچ لەهەرکوێ بێ). بەڵام ئەو ئێرانویچە دەبێ شوێنێک بێ لەنێوان هیند و ئێران و نەک لە نێوان ئێران و ئوڕووپادا. دیسانیش دەیڵێمەوە ڕوانگەی ئێوە لەبارەی شوێنی زەردەشت لەسەر گریمانەی بوونی ئارياکانە لە بانووی ئێران و ئەوەی کە کوتتان سەرچاوەی ئاریاکان قەفقازە(قەفقازیش بەشێک نییە لە بانووی ئێران). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوڕۆکە بانووی ئێران بە نێوان دوو دەریای کاسپین و پارس و لەنێوان دوو بانووی پامیر و ئاناتوولی دەزانن.

بەڕاست، دەزانم ئێوە ئیبراهیمی پێغەمبەر بە ئیبراهیم زەردەشت و بە یەکێک لە زەردەشتەکان دادەنێن. باشە! مەگەر ئیبراهیم بە ئی ٣٩٠٠ساڵ پێش ئێستا نازانن؟ کەوابوو دیسان لە مێژووی مامۆستا زەبیح نیزیک دەبێتەوە. هەڵبەت من چونکە زێدی زەردەشت بە خواڕەزم دەزانم ئەودووانە بەیەک نازانم و بەگشتی ئیبراهیمیش بە ئەفسانەی سازکراو دەزانم. بەڵام ئێوە کە ئیبراهیمتان قبووڵە و زەردەشتیش بە ئی ئازەربایجان و نیزیک نێوان دووچۆمان (میسوپوتامیا) دەزانن، کە وابوو دەبێ مێژووی زەبیح بێهرووزیش بسەلمێنن. (کابرا یەکەم شەو بۆ خوێندن چووە پۆلی گەورەساڵان بەیانی برادەرانی لێیان پرسی دەی چۆن بوو؟ کوتی کوڕەدەزانن خوێندەواری چەند چاکە؟ من تازە دەزانم عەنکەبووت بە گۆڵەکەری مێ دەڵێن. وادیارە بارام خانیش هەر وا تێگەیوە - کاوە).

## امید عطایی فرد:

بارامی خۆشەویست/ بۆ دەڵێی قەفقاز بەشێک نییە لە بانووی ئێران؟ من تائێستا لە هیچ کتێبێکدا تووشی شتی وا نەبووم و قسەکەت بیانوویەکی باشە بۆ تورکە ڕەگەزپەرستەکان. سەرزەمینی ئێمە ناوەندی موغان لەخۆگری کۆنترین ئایینەکانە. بەبێ سەرنج بەسەر مێژووەکەی دا تێمەپەڕە چونکە ڕازی زۆری تێدان. بۆ دەبێ ئێرانویج لەنیزیک هیند بێ؟ ئایا پەیماننامەی دوو گەلی ئاریایی میتانی و هیتی لە تورکیەی ئەوڕۆدا وەدەست نەهاتوون کە باسی ئیزەدگەلی وەک (میترا) و (وروونا)یان کردووە؟ ئایا گاڵتەجاڕی نییە کە کەسانی وەک هوسینگ دەڵێن هۆکارەکەی بەوێدا تێپەڕینی هیندییەکانە!!؟ ئایا ئێوە سەرچاوەکانی ئێرانی بە ئەفسانە دەزانن یا ئوستوورە(فیردەوسی کوتەنی: داستان)؟ جارێکی دیکە کتێبی (ایران بزرگ) بەبێ داوەریی پێشەکی بخوێننەوە و بزانن باسی کامە مەکۆگەلی سەرەتایی کراوە. من نازناوی زەردەشتم نەداوەتە ئیبراهیم، ئەوە قسەی مێژوونووسانی موسوڵمانە. تەنانەت پێش ئیسلامیش بەڵگەنامەی ئۆسقۆفێک هەیە کە دەیکوت دەستەیەک لە موغان ئیبراهیم بە باپیری خۆیان دەزانن. لەسەر چ بنەمایەک دەبێ حاشالەبوونەکەی بکەین؟؟ ئێوە خەریکە لە هەڵدانی مەتەڵەکە نیزیک دەبنەوە: مێژووەکەی مامۆستا بێهرووز لەبارەی ئیبراهیم زەردەشتە نەک سپیتۆمان. هومایوون فەڕڕوخ کە لەدامێنی بێهرووزدا گەورەبووە داکۆکیی لە مێژووی ٨٥٠٠ساڵە کردووە. ئەگەر ئێوە هەموو قسەکانی بێهرووز دەسەلمێنن کەوابوو لەمەڕ ئەلێکساندێر/ئەسکەندەر بۆ لەگەڵ مندا هاوڕانین؟ چونکە مەمووشتێک بەهەموان دەزانرێ و ئێمە دەبێ دە دروستترین و باشترین ڕوانگەکان بگەین. زەبیح بێهرووز لە ڕێنووس و ئەلفوبێتکەدا بیوێنەیە و من تەنیا لەسەر مێژووی زەردەشت لەگەڵیدا هاوڕا نیم. پێم بڵێن شارستانییەت لە کەنگێوە لە ناوچەی ماد (ئاقاری ڕێ تا ورمێ) دەستی پێکردووە؟ باسێک لە شار لەگاتەکاندا نییە بەڵکوو باسی دەخیوو(دەهیوو/دێ/گوند) کراوە. ئەگەر دینکەردتان لا پەسندە بڵێن سەردەمی فەرەیدوون (هاوسەردەمی فرش وشتر) کەی بووە؟ ئەگەر دوژمنە یۆنانییەکانمان قسەیەک بەسوودی ئێمە (مێژووی ٨٥٠٠ ساڵە)یان کردووەدەبێ بیدەینە دواوە یا قسەدوژمنکارانەکانیان بسەلمێنین؟ جارێکی دیکە چاوبە کورتەنامەکانتاندا بخشێننەوە و دژیەکی و ناتەباییەکانیان ببینن... بارام گیان/لێکۆڵینەوە ناچارە لەسەر بنەمای لایەنگەلێک بێ کە ناوم بردوون (مێژوو، زماننناسی، دێرینەناسی و ... )هەرچۆنێک بێ مێژووەکەی من بەڵگەدارە واتە باسێکی لێ هاتۆتە گۆڕ بەڵام مێژووی هەزارەی دووهەمی پێش زایین هەر گریمانەیەکە بەبێ هیچ گێڕانەوەیەکی مێژوویی. چۆن ساڵئەژمێری ٥٠٠(پ.ز) مێژووە، بەڵام ئی ٦٠٠٠(پ.ز) نا؟ مەگەر مێژوونووسانی جۆراوجۆر باسی هەردووکانیان نەکردوون؟ بۆ دەبێ بڕوا بەسەرچاوەکانی خۆمان نەکەین بەئاسانی بڵێین زەردەشت لە (ڕێ) نەهاتۆتە دنیا! هیچ بەڵگەیەکمان لەسەر لەدایکبوونی زەردەشت لە خواڕەزم نییە، هیچ بەڵگەیەک. تاریخی مامۆستا بێهرووز لە حاستی مێژووی نەریتی یەگجار لاوازە. ج کەسێک لەو مێژووە (نەریتی)یەدا وەدیار کەوتووە؟ بۆچی مانەوییەکان و بۆ هێندێک لە هەڵبەستەکان باسی هاوسەردەمبوونی زەردەشت و دارا دەکەن؟ (بڕواننە: مزدیسنا و ادب پارسی)/ ئەبووڕەیحانی بیروونی کلیلێکی داوەتەدەستمان کە نابێ بەبێ سەرنجدان بەپەنایدا تێپەڕین. ناوی ئەوزەردەشتەی هاتوچۆی حەڕڕانی کردووە: وارتووش بووە. ئەو زەردەشتێکی دیکەبووە لە سەردەمی هەخامەنشیدا. ئەگەر گریمانەکای من بسەلمێندرێن ئەوە وەرچەرخانێک لە مێژووی ئاڤێستاناسیدا ڕوودەدا و دڵنیابن تا سەدانەوەدی لێڵییەکان و کێشەکان چارەدەکرێن. دەوری ٨٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا سپیتۆمان بە دژایەتیی لەگەڵ ئوولی برەهما و لەهەمان کاتیشدا پێکهێنانی چاکسازیگەلێک لە ئوولی مەزدیەسنا دا بناخەی ئوولی زەردەشتی دادەنێ. چەند هەزارە پاش وی ئیبراهیم (برەهمایەکی دیکە) دیاری دەدا کە ئوولەکەی کەمتاکورتێک زەروانییە. (سەرنجڕاکێشە کە لە گێڕانەوەکانی سوغدیدا ئاینی برەهمایی و زەروانی یێکن). و زەردەشتی سێهەم (وارتووش) لەسەردەمی هەخامەنشیدا لکێک لە مەزدیەسنا دادەنێ کە زۆرتر وە مەزداپەرستیی پێش زەردەشت دەچێ و گۆیا لەسەر بنەمای سێ خوایی، ئاهوورا، میتا، ئەناهیتا (هەر وەک: باوک -کوڕ- ڕووحی پیرۆزی عیساییان)ە. بوونی زەردەشتی هەخامەنشی بەپێێ ژمارەیەکی زۆری بەڵگەنامە حاشاهەڵنەگرە، بەڵام بێگومان ئەو سپیتۆمان نییە. بەسەرهات و باوەڕەکانی ئەو سێ زەردەشتە پاشان لێکدران و بوونە هۆی ئەوهەموو دژوازییە لە مێژووی زەردەشتناسیدا. ئێلیوسی موغ مامۆستای وارتووش بوو(کتاب المواليد) کە بەوێنەی ئەلیاسی نەبییان دەرێنا. بەڵام مێژووی سپیتۆمان. ئێوە بەدروستی کوتووتانە کەدەبێ ڕوونبێتەوە. باشە! جارێکی دیکە باسی چوار ڕوانگەکە دەکەمەوە:

٨٦٠٠پ.ز (بهرام گور انكلسريا)
٧١٢٩پ.ز (سپنسر)
٦٥٠٠پ.ز (اردشير خبردار)
٦٣١٢پ.ز (بهرام پاتاوالا)

من هەر بەپێی ئەو تاقە بەڵگەنامەی کە ئاگام لێیە، ژمێریاریی ٦٣١٢پ.ز بەڕاستتر دەزانم کە پاتاوالا لەسەر بنەمای ساڵئەژمێری زادئیسپێرم داویەتەدەست. بەپێی بەڵگەنامەیەکی مانەوی دەستپێکی یەکەمین هەزارە بەرانبەرە لەگەڵ ١١٣١٠پ.ز/ دەستپێکی شەشەمین هەزارە بەرانبەرە لەگەڵ ٦٣١٠پ.ز/ دەستپێکی دوازدەیەمین هەزارە بەرانبەرە لەگەڵ ٣١٠پ.ز/ هەزارەی شەشەم دووساڵ لەگەڵ مێژووی زەردەشت جیاوازیی هەیە و ٣١٠پ.زش پەیوەندیدارە بە دیاریدانی دینی میترا. ...

## بهرام ساسانی:

... سەرچاوەی ئاریاکان هەر ئاریانویچەکەیە و نازانم بۆ جیات کردوونەوە. .... ئەگەر ئەوەی کە قەفقاز هیچ پەیوەندییەکی بە بانووی ئێرانەوە نییە دەبێتە قسەیەکی پان تورکیسم، کە وابوو کتێبی سەرووی زانستیی پڕۆفیسۆر (عنایت الله رضا) سەرچاوەیەکی پان تورکیستییە!! (وشەیەکی سەیروسەمەرە! سەرووی زانستی دەبێتە چی؟ - کاوە) و ئەویش بێگومان پان تورکە!! کە چی کتێبی (آذربایجان و اران)ی ناوبراو یەکێکە لەبەڵگەنامەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ پان تورکیزم. ئاراز جیاکەرەوەی ماد لە قەفقاز و ئەران، ئێروان و ئالان و ....یە. لە سەردەمی کۆنیشدا بەوبەر دەکوترا ئالبانی و بەوبەرەش دەکوترا مادی ئاتروپاتێن. من شانامەی هۆنراوە بەرانبەری خوداینامە دەزانم و بە لەخۆگری چیرۆک (نەک ئەفسانە)ی دەزانم. هیچ باسی چەند زەردەشتیش لەو شانامەدا نابینم. و لەبارەی کاتی زەردەشت هیچ یارمەتییەکمان نادا. (ئەوکابرایە درۆنامەکانی شانامە و حەوت خوانی ڕۆستەم و دێو و تەلەسم و جادووی شانامە بە ئەفسانە نازانێ، من لە نووسینێکی دیکەمدا "لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی مێژوویی لەسەر کوردو کوردستان" دروکانی فیردەوسیم ڕوونکردوونەوە. - عەبدوڵلا ئیبراهیمی/کاوە).

من ڕوانگەی تۆم نەسەلماند کە ئیبراهیم زەردەشتە. کوتم پێموایە ئیبراهیمێک نەبووە. هەر بەو دەلیلەش کە نووحێک نەبووەو ئادەمێک نەبووە و هەمووی ئەوانە بەرهەم و لێکدراوی چەند ئەفسانەیەکن. کە باسێکی چەوتەبەرە. بەڵام کوتم ئێوە هەمیشە حاشا لەمێژووی زەردەشتی زەبیح بێهرووز دەکەن و ئەوجارەش کردتان. بێوچان پێ دادەگرن کە هیچ بەڵگەیەکی نییە، سەرنج نادەنە ئەوەی کە یەکسانە لەگەڵ ئیبراهیمەکەتان. جا ئەگەر ئاماژە بە زەردەشتێک دەکا ئەوەندە ئەو مێژووە بەبێ بەڵگە دامەنێن. چۆن دەتوانن پێمان بسەلمێنن کە گاتەکان نەک ئی زەردەشتی دووهەم، بەڵکو ئی زەردەشتی یەکەمە؟ مەگەر بڕیارە هەر زەردەشتی کۆنتر شت بنووسێ؟ کەچی ئاوەز دەڵێ گاتەکان ناکرێ لەهەزارەی ٦نووسرابن بەڵام دەکرێ لەهەزارەی ٢ نووسرابن. و ئێوە بۆ هەزارەی ٦ دەبێ چەند بیردۆزی دیکە بسەلمێنن و ڕێگایەکی درێژتان لەپێشە. بەڵام وادەدوێن کە بێ سێ‌ودوو ڕوانگەی ئێوە قبووڵ کەین. ئەوە ئێوەن کە هەموو ڕوانگەکانی بێهرووزتان پەسند کردووە و کتێبەکەی خۆتان لەدرێژەی وان و لە تەواوکردنی واندا نووسیوە بێجگە هەر لەو بابەتە واتە مێژووی زەردەشت و لە لەپێشتر بوونی میترائیزم لە زەردەشت کە دژی بۆچوونی محەممەدی موقەددەمە لە شاگردانی بێهرووز. ڕوانگەکانی دیکەتان تەقریبەن بەرابەرن لەگەڵ ئی وی. کەچی من پێچەوانەی تۆم و بێجگە لە یەک دوو بابەت سەتاسەت دژی هەموو بیردۆزەکانیانم. بەپێچەوانەی ئێوە من تەنیا پسپۆڕیی بێهرووز لەو بوارە ساڵئەژمێرییەیدا دەبینم و بەس. و مێژووی زەردەشت بە گەورەترین کاری وی. شارستانییەت شتێکەو شارنشینی شتێکی دیکە. دەزانم ئێوە هەر گۆزەڵەیەک لە هەرگۆشەیەکی ئەوخاکە بدۆزرێتەوە بە نیشانەی شارستانییەتی ١٠ یا ٨ هەزارساڵەی ئاریاکانی دەزانن. بەڵام من شارستانیەتی مادەکان هەر بە پادشایەتییەکەیان. (سەیر ئەوەیە هیچی یۆنانییانی لا پەسند نییە بەڵام پادشایەتیی مادەکانی قبووڵە کە ئی هێرۆدۆتە! - کاوە). وشەی شەهر لە وەرگێڕاوە بەناوبانگەکانی گاتاکاندا دەبینین. وشەی خشتەرە کە بەواتای شەهریارە (لە پەهلەویدا شتریا)ە هاوڕەگی شارە کە لەگاتاکاندایە. پرسیاری دینکەردتان قبووڵە کە نازانم بە چ واتایەکە. من لەسەر پێشنیاری ئەشۆ زەردەشت ئەگەر خوداش بێتەخوار و شتێک بڵێ کە لەگەڵ ئاوەزدا یەک نەگرێتەوە بایەخی پێنادەم. من دەتوانم بڵێم ئەگەر خودانامەکان و شانامەتان قبووڵن هەرگیز باسی چەند زەردەشتیان نەکردووە و زەردەشت هاوسەردەمی گەشتاسبی کەیانییە. نازانم چۆن مێژووی ٥٠٠(پ.ز)تان لەگەڵ ٦٠٠٠(پ.ز) هەڵسەنگاندووە؟ مێژووی ٥٠٠(پ.ز) لە ٥٠٠(پ.ز) نووسیوە بەڵام ٦٠٠٠(پ.ز)یان لە ٤٠٠(پ.ز) نوسیوە. هەروەک ئەوەی ئەوڕۆ من نووسراوەیەکی مێژوویی تازە لەبارەی کەمبوجیە!!! دابێنم قبووڵتانە؟

هەر مێژوویەک لەبارەی کاتی خۆی یا چەند سەدە پێش خۆی پەسندە نەک بە ٦ هەزارە پێشتر!!! (ئەو هەڵیت پەڵیتانە هەمووی ئی بارام ساسانین چونکە دەبینێ بناخەی باوەڕە چەوتەکانی هەڵدەتەکێ نازانێ چ بڵێ - کاوە). منیش تەقریبەن خەریکە دەسەلمێنم کە زەردەشتێک لە سەردەمی هەخامەنشیدا هەبووە کە جیاوازبووە لە سپیتۆمان. لەوانەیە تەنانەت زەردەشتێک لە چەندین هەزارە پێشتر. بەڵام ناتوانم گاتاکان بە ئی هەزارەی ٦ بزانم.

منیش هاوڕاتم کە ئەگەر گریمانەکانت بسەلمێندرێن شۆڕشێک لە زانستی ئاڤێستاناسیدا ڕوودەدا. جا تکایە گریمانەکانی خۆت بەشێوەی گریمانەکانی (امید عطایی فرد) پێشکێش کەن نەک وەک ڕاستییەکی ئاشکرا و دیار و ڕوونتر لە ڕۆژێ. ئێوە لەلایەک گریمانە دەدەن و لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن ئەوانە هەموویان کەسانی دیکە کوتوویانن و لەکتێبە مێژووییەکاندا بەڕوونی هاتوون و پەیتاپەیتاش ڕەخنە دەگرن کە دیتران نایان سەلمێنن. ئەمن لەگەڵتام کە ئەوانەتان لەکەسی دیکە وەرنەگرتووە و بایەخەکەی لەوەدایە کە گریمانەی (امید عطایی فرد)ن. ئەگەر ئەوە ڕوونە کەواتە قسەیەکم لەسەری نییە.

## امید عطایی فرد:

کیشوەری خونیرەس کە ئێرانویچ ناوەندەکەی بوو، بە سێ بەش (ئێران، تووران و سەلمان "سەئێرم" )دابەش بوو و ئەمن هیچ سەرچاوەیەکم نەدی کە قەفقاز"ئەرران" لەدەرەوەی بانووی ئێران دانێ. // ماوەیەکە دوو بەڵگەنامەی گرنگ سەرنجمیان بەلای خۆدا ڕاکێشاوە: یەکەمیان گێڕانەوەیەکە لە کتێبی حەوتەمی دینکەرد کە دەڵێ زەردەشت لە ساڵی ٥٦٧٠ ی ئافراندن لەدایک بووە. و دووهەمیان بەڵگەنامەیەکی مانەوییە کە لەدایکبوونی مانی (٢١٦ زایینی) بەساڵی ١١٥٢٧ی ئافراندن دەزانێ. بە لێک کەمکردنەوەی ئەودوو مێژووانە کاتی لەدایکبوونی زەردەشت ٥٨٥٧ساڵ پێش مانی ژیاوە دەگاتە ٦٠٩٠پ.ز./// ئەربەلۆ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێرانییانی کۆن زەردەشتیان بە ئی چەند هەزارە پێش مووسا زانیوە. ئەرەستووش موغانی ئێران بە کۆنتر لە میسرییان دەزانێ. وشەی شەهر لە گاتەکاندا نەهاتووە و شەهریوەر واتە شەهریارێکی بەهێز و ئاهوورایی و شتی وا... ئەوە پاشانە کە وشەی شەهر لە وشەی شەهریاری سازدەکرێ. هیچ لێکۆڵەرێک باسی چینی چوارەم (بناخەی شارنشینی)ی لەگاتاکاندا نەکردووە و تەنانەت (مری بویس) لەسەر بناخەی خودی گاتەکان دەڵێ چینی سێهەم  تازە چرۆی دەرکردووە (سەری هەڵداوە - کاوە). // من نەمکوتووە گاتاکان بێئەملاو ئەولا لە هەزارەی شەشەمی

(پ.ز) نووسراون و لەسەر ئەوباوەڕەم کە بە گریمانەی بەهێز زارەکی بوون و کەواتە گاتاکان ئی زەردەشتی ژمارە١بوون. چونکە سویداس باسی زەردەشتی ٢ی کردووە کە ئەستێرە ژمێرێک بووە لە سەردەمی نینووس(نەمرووود) و ئەوەی یەکەمی هەر بە پێغەمبەرە سەرەکییەکەی ئێرانییان و ٥٠٠٠ساڵ پێش ترۆیا زانیوە.// بەهۆی لەناوچوون و کەمبوونی بەڵگەنامەکان ئێمە ناچارین هەموو شتێک و لەوانە کاسە و گۆزەکانیش بەوردی بخەینە بەر توێژینەوە و سەرەداوەکان وەدەست بێنین. (ژان دهە) نیشتەجێیە ئارییەکانی دەشتی گورگان بە ئی هەزارەی چوارەمی پ.ز دەزانێ. گێرانەوەکانی ئێرانیش کە جێگای پەسندی بارام نین دەڵێن کەیوومەرس و یەکەم شایەکانی زنجیرەکان هەرلەوسەرزەمینەدا هەڵیانداوە و لەجێگای دیکەوە نەهاتوون. ناوەندەکانی ئێرانییان هەمیشە ئەلبەرزی ناوەندی بووە. پێتەختی فەرەیدوون لە دەوری ئامول بوو... ئەو باسە زۆر گرنگە// دەستپێکی مێژووی ئێمە پێویستیی بە لێکۆڵینەوەی زۆر زیاتر هەیە. خاڵی ترۆپکی ئەوە مێژووی ٢٥٠٠ساڵەیەیە هەرچەنە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی پرۆفسۆر!سەید!حەسەنی ئەمین (نشریه حافظ/شماره؟)... ئەوە ئەرکی نەتەوەییمانە کە هەرچی زووتر سەرەتای نیشتمانی خۆمان دیار بکەین و ئاکامەکانی ئەو لانیکەم لەبواری ڕەوانی زۆر بۆ نەوەی نوێ کاریگەرە. بریا ناوەرۆکی ژمێریاریی ئەو زانایانەمان لەدەست دابان کە دوومێژووی ٦٣١٢(پاتاوالا)و ٧١٢٩(سپنسر) پ.ز.یان وەدەست هێناون. خۆزی سەرچاوەگەلی نەناسراو و وەرنەگێڕاوەی زەردەشتمان وەدەست هێنابان.... بێگومان ڕاکێشەریی مێژوو هەر بەو نەزانراوانەوە و هەوڵی ئێمە بۆ زانینی ڕازەکانیانەوەیە/...

## بهرام ساسانی:

"هەموو وەرگێڕانی ئێرانی وشەی شاریان لە گاتەکان و لەوانە هاتی ٣١ یا ٤٦دا دۆزیوەتەوە و وەریان گێڕاوەتەوە. ئەوەی کە (شهر) لە (شهریاری) سازکراوە بۆخۆی واتای چییە؟ واتە ئەوانە پەیوەندییان پێکەوە هەیە. جا بەبێ بوونی شەهر، شەهریاری چ واتایەکی دەبێ؟ دەبێ شەرێک هەبێ تا شەریارێکیش. چۆن دەکرێ باوەڕ بکەین ئەو سرووودەی لەچاخی بەردین دا شوانێکی کۆچەر (هەروەک هێندێک بێگانە کوتوویانە و ئێوەش دەیڵێن)ێتەوە؟ گاتەکان لە ٨٥٠٠ساڵ تا ٢٧٠٠ساڵ چۆن پارێزراون؟

لێرەدا ناچارم کەوانەیەک بکەمەوە: لەودواییانەدا شارگەلێک لە کوردستانی باکوور دۆزراونەوە کە مێژوویەکەیان تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ ١١٠٠٠ساڵ پ.ز و زیاتریش، کەوابوو دەستەواژەی (شوانێکی کۆچەر)لێرەدا نابەجێیە. بڕواننە وێنەی خوارەوە و چەندین وێنەی دیکە لە: https://www.google.com.au/search?q=gokli+tepe&rlz=1C2PRFE_enAU657AU657&bi یا بۆ زیاتر ڕوونبوونەوە:
Göbekli Tepe - Wikipedia, the free encyclopedia



شوێنەواری شارێکی کۆنتر لە١١٠٠٠ساڵە ساڵە لە گۆکلی تەپەی کوردستانی باکوور

ئەوە من نیم بەڵگەنامەکانی ئێرانی پەسند ناکەم. ئەوە ئێوەن کە هەر بەڵگەنامەیەک بەپێی بیرۆکەتانە هەڵی دەبژێرن. جا با فارسێکی ئەوڕۆی هیند کوتبییەتی یا کتێبێکی پەهلەوی یا یۆنانییەک لە سەرردەمی کۆندا. بۆ وێنە هەر ئەو بابەتەی چەند زەردەشت. و ئەوەیکە زەردەشت هاوسەردەمی فەرەیدوون بووە!! باشە گۆیا لە خودی گاتاکاندا زەردەشت باسی کەی گشتاسب دەکا. ئێستا ئەگەر من ئەو وتەی دینکەرد نەسەلمێنم واتە بەڵگەنامەکانی ئێرانیم نەسەلماندوون؟!! ئەوەیکە پێتەختی فەرەیدوون ئامول بووە، واتە ئامول هەر ئەو ئامولەی ئەوڕۆیە؟ ئایا دەزانن شاری مەمفیس لەکوێیە؟ لە ئامریکا. ئاناپوولیس لەکوێیە؟ ئەویش لە ئامریکا. کەوابوو ئامریکاییەکان دەبێ هۆشیان لەسەرخۆبێ لە کاتی دەرسی مێژووی کۆن منداڵەکان بەهەڵە ئەو شارانە هەر بە شارەکانی ئەوڕۆ تێنەگەن. بابەتی "ئەلبورز" و "ئەروەند" و "ڕێ"ش هەروایە.

دیارە مەرج نییە هەر وابێ. مەبەستم ئەوەیە دۆزینەوەی ناوێک لە ئاوێستا یا... و بەیەک زانینی لەگەڵ ناوی ئەوڕۆ هەمیشە ڕاست نییە. (بێگومان مەگەر کەسانی وەک ئومید ساسانی پێیان خۆش بێ!!! یا باختیی ئاوێستا هەر بەلخی ئەفغانستان بێ!!! - کاوە).

مێری بۆیس بێگومان خزمەتی زۆری کردوون. بەڵام ئەودووپات کردنەوەی پەیتاپەیتای مێری بۆیس کە کوتوویەتی چێنی چوارەم فڵان و چێنی سێهەم فڵان دەردێک دەرمان ناکا. چونکە ئاکامی گشتی کە لە وتەکانی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوایی (و نەک هەر مێری بۆیس) وەردەگیرێ ئەوەیە کە ئاریاکان نەک هەر لە ٣٧٠٠ساڵ پێش (کاتی پێشنیارکراو بۆ زەردەشت)، بەڵکو لە ٦٦٠ (پ.ز)ش نەتەوەیەکی ئاژەڵدار و کۆچەر و بێ کەمترین بەهرە لە شارستانییەت بوونە!!! مادەکان خەڵکێکی بەتوندی وەحشی و بێ شارستانییەت بوون و پارسەکان لەوانیش خراپتر!!!و تەنیا کارێک کە ئەوانە دەیانکرد ئەوە بوو کە لەم و ئەو وەریان دەگرت!!! کە وابوو پێ داگرتنی ئێوە لەسەر چاخی بەردین، زەردەشت کۆن ناکا. چاخی بەردین ئاریاکان لە ئێمە نیزیک دەکاتەوە. کە ئەوە زیانە. دەستپێکی پادشایەتیی کووڕۆش خاڵی ترۆپک نییە. بەڵکو دەستپێکی پادشایەتیی نەتەوەیی ئێرانە لەڕوانگەی مێژووەوە. تائەوکاتەی دۆزراوەکانی مێژوویی، دێرینەناسی و لێکۆڵینەوەیی بەدنیا بسەلمێنێ کە ئێرانییەکان (ئارییییەکانی ئێران) لە ٨ یا٨٠هەزار ساڵ ڕا یەکپارچە بوونە. بەڵام ئەوەی ئەوڕۆ دەیزانین ئەوەیە کە پادشایەتیی ئارییییەکانی ئێران بە مادەکان دەستی پێکرد و تەنانەت مامۆستا پووورداودیش سەرەڕای هەموو ئەڤینەکەی بە ئەفسانەکان، دەستپێکی مێژووی لە ئاریاکان دەخواست!! کە نادروستە چونکە مادەکان پادشاییەتێکی هۆزییان هەبوو بۆ هۆزی ماد و حکوومەتی ئەوڕۆی ئێرانی نوێ ناتوانێ درێژەی حکوومەتی هۆزیی ماد بێ. بەڵکوو کووڕۆش ئەو تایبەتمەندییەی هەیە. دووهەم ئەوەی کە دەستپێکی مێژووی پادشایەتیی ماد لەکوێڕا بزانین؟ لە دیاکۆی نیوە مێژوویی ڕا؟ هووەخشتەرە؟ یا... کەچی پادشایەتیی کووڕۆش قسەی تێدا نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا ترۆپکی شارستانییەتی ئاریاکانی ئێران، ساسانییانە نەک کوورۆش.